# پێکەنینێک بە مەرگی خۆم




لە نێو گۆڕیشدا ئۆقرە ناگرم و
هەموو مردوەکانیشم هەراسان کردووە،
پێش ئەوەی فرمێسکەکانی چاوی ئەوان وشک بێتەوە
من دەدەمە قاقای پێکەنین و
لە حەسرەتدا دەست بە کەمەری خۆمەوە دەگرم،
هەموو نووستوەکانی گۆڕستانیش
بە قاقای من بە ئاگادێنەوە،
کەچی ئەوان هیچ نابیستن.

هەرپێکەنینم بە ئەشەکانی چاوی ئەو، نزاکانی
پیرێژنە سەرسپییەکەی دایکم دێت
کەچی ئەوان،
بەکوڵتر بۆ مەرگی من دەگرین.

چەند بێرەحمە ئەم مەرگە، بەزەیی بە فرمێسکەکانی
کچەکەمدا نایەت، روخسارمی فەرامۆش کردووە،و
گوێ لە نزاکانی ئەو دایکە سەرسپییەشم ناگرێ
کە چیدی سەدای دەرنایەت.

ئەو کە هەمیشە دێت، جەپکێک گوڵی سپی و
پڕ کۆشێک نزای پارانەوە لەگەڵ خۆیدا، بۆ رۆحم بە دیاری دێنێ،
منیش لە شوێنی خۆمەوە،
ماچێکی بە بەردەکاندا بۆ دەنێرم،
بە فریشتەکانیشدا بەڵێنی راموسانێکی
پێدەدەم و ئەویش، فەرامۆش دەکەم.

**زۆر لە مێژ بوو چاوەروانی ئەم مەرگەم دەکرد،**
**هەموو ئێوارەیەک بە چیچکانەوە، لە ساتە وەختێکی خۆ فەرامۆش کردندا**
**دادەنیشتم و ئاسۆ دوورەکانی مەرگم دەروانی،**
**نەمدەزانی لێرەش ئۆقرەم لێ دەبڕێت و**
**جارێکی دی داوای پەپوولەی ڕۆحی خۆم لە خوداوەند دەکەمەوە.**

**چەند سەیرە!**
**سی ساڵە لە ئامێزی ئەم گۆرە ساردەدام و**
**هەمیشە پیکەنینم بەم مەرگە" قێزەون"ە دێت،**
**ئاگام لێ یە،**
**نە وڕێنە دەکەم و،**
**نە لەرزو تا بڕستیان لەبەر بڕیوم**
**دایکم بەرەو لای گۆرەکەی بەڕێوەیە و**
**کە دێتە لام بە بارانی "فاتیحا" یەک**
**خاکی گڵکۆم تەر دەکات و**
**کچەکەشم لەبەر خۆیەوە سترانی پەپوولەکان...**
**بۆ ڕۆحی ماندووم دەچڕێ؛**
**ئەو ساتانەی کیژۆڵەکەم...**
**دەستی دوعا بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە**
**بروسکەیەک لە دەرگای دڵم دەدات،**
**کەچی ترپە ترپی دڵی خۆم نابیستم**
**ئەوجا وەبیرم دێتەوە**
**من جەستەیەکی ساردم وڕۆحێکی خامۆش...**

**ئەو ساتانەی دایکم فرمێسکەکانی**
**تنۆک تنۆک دەرژێنە سەر، سەرپۆشەکەی**
**چاوەکانی دەبنە دەریایەک خوێن**
**ئارەزوومە لە ئامێزی ئەودا بۆ هەمیشە**
**چاو لیک بنێم و لایە لایەکانی منداڵیم بۆ بڵێتەوە.**

**مۆمەکان بەسەر گۆرەکەمدا تۆواونەتەوە و**
**کەچی روناهی ناگاتە چاوی من**
**(با) ئەوانیشم لێ ون دەکات.**

**ئەو هەمیشە سێبەرە**
**چەماوەکانی من لەسەر**
**دیوارە ڕوخاوەکان دەبینێ و**
**ئامێزیان بۆ دەکاتەوە.**

**ئەو شەوانەی لە نێو ئەفسانەکانی روحی خۆمدا**
**بە پێی پەتیی هەنگاو بەسەر گۆرەکاندا هەڵدێنم،**

تا بەرلەوەی بە ئاگا بێم
بگەمەوە ئەودیوی دەرگای گۆرستان
بەڵام ئەفسوس پێ ڕاناگەم؛
چاوەکانم پڕ لە فرمێسک و لێوەکانم زۆر تەڕترلە جاران
جەستەشم وەک بێشکەیەکی شکاو هەڵدەلەرزێت،
ڕوحیشم لە چاوەڕوانییەکی
ئەبەدیدا وازی بە خەونەکان دەکەن.

خودایە
نزاکانم ناگەنە بەردەرگای گۆڕەکەم،
بەر گوێیەکانی مێرولەیەکیش ناکەون
وەک خۆڵ (با) لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچییان دەکات و،
باران سەراپایان دەشواتەوە
لە ناکاویش وەک مانگ لە ئاسمادا وون دەبن،

دەسا چۆن پێکەنینم بەم مەرگە
گاڵتە جارە نەیەت و
چۆن بە نزاو فرمێسکەکانی
ئەوان نەدەمە قاقای پێکەنین؟

تێبینی: بڕستیان لەبەر بڕیوم واتە توانایان لەبەر بڕیوم.
ئیمان بابان
2007 فینلەندا